کچەکی رفەندراوی ئەزیدی رزگارکرا

ئەمڕۆ شەممە،شانەی هاگەیاندنی ئەمنی ڕزگارکردنی کچەکی ئەزیدی هاگەیاند کە لە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە ڕفەندرابوو.

شانەکە لە هاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە:-لە چوار چێوەی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی"محەمەد شیاع سودانی" سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان،بە بەدواداچوون بە دەسیەی ژنە ئەزیدییە ڕفێنراوەکان،هێزەکانی دەزگای هەواڵگری نیشتمانی عێراق توانیان کچە ئەزیدییەک بەناوی (کەفان عیدە خەرتە) ئازاد بکەن، کە لەلایەن چەتەکانی داعشی تیرۆریست دوای داگیرکردنی قەزای شنگال لە ساڵی 2014 ڕفەندرابوو.

وەک هاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:-بە پشتبەستن بە زانیاریی هەواڵگریی دروست سەبارەت بە شوێنی لە خاکی سوریا ، بەمەبەستی گەیاندنەوەی بە عێراق و هادەستکردنی بە بنەماڵەکەی، کە سوپاس و پێزانینی خێیان ئاراستەی سەرکۆزیران و دەزگای هەواڵگری کرد بە هۆی بەردەوامکانیان بە بەدواداچوونی ئەم مەلەفە.